رۆژانی ۲۰ و ۲۱ ی ئەمساڵ ئەنجومەنی سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆناڵ لە شاری رۆم پایتەختی وەڵاتی ئیتالیا کۆوەبوو. لەم جڤینەدا کە نزیکەی ٤۰۰ شاندە لە ۱۳۰ کۆمەڵەو رێکخراوی ئەندامەوە بەشدارییان تێدا کرد چوار لایەنی رامیاریی کوردیش بەشداربوون کە ئەمانە بوون: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك ئەندامی چاودێر. پارتی دێموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دێموکراتی گەل ( هادەپ) وەکوو میوان.
لەکۆتایی ئەم کۆبوونەوەیەدا چەندین کێشەی جیاجیا وەکوو کێشەی ئێراق، فەلەستین، بیابانی رۆژاوا و. . . بڕیاریان لەسەر وەرگیرا. یەکێك لەو دۆزانەی کە بڕیاری لەسەر وەرگیرا دۆزی کوردەکانی ئێران بوو کە ئەمەی خوارەوە وەرگێڕدراوی دەقە ئینگلیسی یەکەیە.

عەبدولواحیدی خەندەڕەش

# بڕیاروەرگرتن لە بارەی کوردەکانی ئێرانەوە

ئەنجومەنی سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆناڵ کە رۆژانی ۲۰-۲۱ ی ژانڤیەی۲۰۰۳ لە شاری رۆم کۆ بووەوە چەند یادداشتێکی دا لەمەڕ پێشوەچوونەکانی چەند ساڵی دوایی لە ئێراندا.
تەواوی هێزەکانی خوازیاری دێموکراسی و مافی مرۆڤ هان دەدات تا بەردەوام بن لە خەباتیاندا لەسەر رێبازی گۆڕانکاری و ریفۆرم.
بەتوندی پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە دێموکراتیەکان کە لە لایەن دوژمنانی ریفۆرمەوە لەو وەڵاتەدا بەرێوە چووە هەمچون داخرانی چەند رۆژنامەیەك، دەسگیرکرانی رۆژنامەنووسان، رۆشنبیران و خوێندکارەیلێك کە لایەنگری گۆڕانکارین، وە سزای مەرگ و لەسێدارەدرانی ملیتانانی کورد شەرمەزار دەکات.
ستەم و گوشاری لە دژی کوردان رەخنە دەکات و جەخت دەکات لەسەر دۆزینەوەی رێگاچارەیەکی ئاشتیانە بۆ دۆزی کورد لە ئێراندا.
پشتگیریی خۆی دووپات دەکاتەوە بۆ مافە رەواکانی کوردان لە ئێران و هاوپەیمانی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، کە وەك ئەندامێکی سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆناڵ پابەندە بە بایەخە دێموکراتیەکان و چارەسەریی دێموکراتیك بۆ کێشەی کورد لە ئێراندا.
بۆ زانیاریی پتر بڕوانە ئەم لاپەڕەیە:

http://www. socialistinternational.org

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەلام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بلاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم رێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ۱٥-۱-۲۰۰۳